www.kurdistannet.org
22-5-2006 15:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## زمانی ئەدەبیی وتارنوسین لە سایتە کوردییەکاندا ... هیوا ناسیح

سویسرا
hiwanaseh@hotmail. com



یەکێک لەو دیاردانەی بە هۆی تەکنەلۆژیاوە لەم ساڵانەی دواییدا پەرەی سەندوە زۆر بوونی ماڵپەڕە کوردییەکانە، جا ئەمانە چ هی حزبیی یان ڕێکخراوەیی و کەسییەکان بن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا سیمایەکی شارستانییانە و سەردەمییانەی جوانی ڕۆژگاری ئینتەرنێت و بەجیهانیی بوونە.
ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت وەک هەر شتێکی تری ئەم گێتییە، وەک دەڵێن چەکێکی دوو سەرە، دەکرێت گەورەترین سود بە بەکارهێنەرانی بگەیەنێت، بەمەش هەم زانست و زانیاری گشتییان بەرەو باڵا هەڵکشێ و هەمیش لەڕێگەی هەواڵ وتار و نوسینەکانەوە، کە تیایاندا بڵاو دەکرێنەوە، گەورەترین قازانج بە زمانی بەکاربراو بگەیەنێت. نمونەشم بۆ زیانەکانی بەکارهێنانیەتی لە لایەن تیرۆریست و پەڕگیرەکانەوە، کە بە نوسین و دەنگ و وێنە، هەوڵ دەدەن بیروڕای خۆیان بڵاوبکەنەوە و ترس و سامیش بخەنە دڵی ناحەز و دوژمنانیانەوە.
زمان کائینێکی زیندوە لە هەر سەردەم و شوێن و کاتێکدا و سەرەڕای ئەوەی کە ناسنامە و شوناسی هەر نەتەوەیەکە، گرنگترین هۆکاری لێکتێگەیشتن و گواستنەوەی زانیارییشە لە یەکێکەوە بۆ ئەوەی تر، جان کۆهن دەڵێت (زمان پۆشاکی بیر نییە، جەستەیەتی، لەبەر ئەوەی بیر بێ زمان بوونی نییە) ، زانایەکی تر دەڵێت (ڕەنگدانەوەی بیرە) . زمان پێکهێنەری یەکەم و سەرەکی هەر دەقێکە و ڕەنگدانەوەی هۆشیاری نوسەرەکەشێتی، هەر لە سۆنگەی ئەمەوە ناکرێت تۆ بێیت و بابەتێکی زانستی، جا لەهەر بوارێکدا بێت، بە زمانێکی سادە و پڕ لە هەڵەی ڕێزمانیی بنوسیت، چونکە بەمە سەرەڕای ئەوەی ناتوانیت کە تەواوی مەبەست و نیازت بگەیەنیت، زیانیش بە زمانەکە دەگەیەنیت.
دێمە سەر بابەتەکەی خۆم کە زمانی نوسینی سایتە کوردیەکانی ئینتەرنێتە، ئێستا وەک دەبینین، بە هۆی زۆربوونی کۆمپیوتەر و هێڵی ئینتەرنێتەوە، لەگەڵێشیدا بەردەوام زۆربوونی ماڵپەڕەکان، بەداخەوە خەریکە جۆرە زمانێکی پڕ لە هەڵە و پەڵە و نائەدەبیی و سەقەت شێوێنراو سەردەردێنێت.
من خۆم لە ساڵی ١٩٩٢ وەوە وتار دەنوسم، بەڵام ئێستاش کە دەست بۆ قەڵەم (یان ڕاستتر کیبۆرد) دەبەم بە نیازی ئەوەی وتارێک بنوسم، دەڵێی دەمەوێت یەکەم نامەی دڵداری بۆ کچێکی دڵخوازم بنوسم و موسارەحەی بکەم، ئەوەندە بە ترس و دڵەڕاوکەوە کارەکە دەکەم. ئاخر نوسین سەرەڕای ئەوەی کە لێپرسراوێتی یە، دەشترسم هەڵە یەکی ڕێزمانی یان ڕێنوسی وا زەق بکەم، خوێنەر زەوقی نەبێت بابەتەکەم تا کۆتایی بخوێنێتەوە.
لەبەر ئەوەی هیچ فلتەرێک بۆ هەڵبژاردن و گێڕانەوەی لاوازەکانیان نییە، دەبینین ڕۆژانە چەندان وتاری وا، بێ ئەوەی مەرج و توخمە سەرەکیەکانی وتار نوسینیان تێدابێت، یان لە ڕوی ناوەڕۆک و ڕێزمانیی و ڕێنوس و خاڵبەندییەوە بۆ بڵاوکردنەوە بشێن، بێ هیچ گرفتێک بڵاودەبنەوە. ئەگەر هۆیەکی سەرەکی ئەمە، هەڵپەی ناودەرکردن و خۆدەرخستن بێت لە لایەن بنوسی ئەم بەناو وتارانەوە، ئەوا هۆیەکی تری بڵاوکردنەوەیانە لە لایەن خاوەن ماڵپەڕ و دەستەی نوسەرانیانەوە.
هەندێک کەس بێ ئەوەی (دەستی نوسین) ی هەبێت، یان ڕاستتر بڵێین ئەم بەهرەیە (ئەگەر بەهرە بێت) لە خۆیدا پەرەپێدابێت، دێت و دەست دەکات بە نوسین و دەینێرێت بۆ سایتەکان، ئەوانیش (زۆربەیان) بێ هیچ دوودڵیەک بۆی بڵاو دەکەنەوە. پەتا کوشندەکەش لەوەدایە کە کەسانی وا هەن، وا دەزانن ئەگەر ناو و وێنەیان هەمیشە بەسەر سایتەکانەوە بێت، مانای وایە کە نوسەر و ڕەخنەگری

چاکن!! بۆیە هەوڵ دەدەن بە بەردەوامی بابەت و وتار بنوسن، بێ ئەوەی گوێ بە چۆنێتی وتارەکانیان بدەن!

هاوڕێیەکم چەند ساڵێک لەمەوبەر نامەیەکی تایبەتی بۆ نوسی بووم، تیایدا وشەی (تێبینی) بە سێ بەش (واتە بەم جۆرە: تێ بی نی) نوسی بوو، ئەوە بوو ئەوکات پێم وت، کە تۆ پێش ئەوەی بچیت بۆ کۆرسی فێربوونی زمانی ئەڵمانی (زمانی ئەو وڵاتەیە کە ئەو لێی دەژیت) ، پێویستە کۆرسێکی زمانی کوردی ببینیت! کەچی بێ ئەوەی زمانە کوردیەی هیچ پەرە پێدابێت، دەبینم جاروبار وتار لە سایتەکاندا بڵاو دەکاتەوە!! ئاخر ڕاستە ئێمە وەك کورد زمانی یەکگرتوو و ستانداردمان نی‌یە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نی‌یە کە پاشا گەردانی بێت و هەر کەس و چۆنی دەوێت وا بنوسێت.

ڕاستیەکی تریش هەیە، دەبێت بیزانین، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە زمانی نوسین و زمانی سەرجادە و ناوبازاڕ، زۆر لەیەکتر جیاواز بوونە، لەم ڕۆژانەدا وتارێکم خوێندەوە، کە لە سایتی (کوردستان نێت) و هەندێک سایتی تریشدا بڵاو کرابووەوە، گوایە نامەی وەزیرێکی لە کارخراوە، بڕوا بکەن خۆی لە سی دێڕ پێک هاتبوو، کەچی بیست دانە وشەی بازاڕی و ناشرینی تیا بەکار هاتبوو، واتە هەر دێڕ و نیوەی وشەیەکی لەم جۆرەی بەر دەکەوێت! خۆ ئەگەر ئەمە نامەی کەسێکی تایبەتیی بێت، ئەوا پێویستە سکان بکرێت و دەقی ئۆرگیناڵەکەی بڵاو بکرێتەوە؟ تا خوێنەر بزانێت، کە ئەمە زمانی (وەزیر) ەکەیە نەک نوسەری وتارەکە.

وشەی وا هەیە، شیاو و نەشیاویی بە پێی بابەتەکە دەگۆڕێت، هەر بۆ نمونە ناوی ئەندامی زاووزێی مرۆڤ، ئەگەر بێت و تۆ لە بابەتێکی زانستی وەک پزیشکیدا بینوسیت، ئەوا ئاسایی‌یە، بەڵام هەر ئەو وشانە لە بابەتێکی رامیاریدا بنوسیت، شتێکی ناپەسەند و ناشرینە. هەرگیزیش مانای وا نی‌یە کە ڕەخنەی توند دەبێت وشەی جوێن و بازاڕی تیا بەکار بهێنرێت. پێم وایە، دەکرێت مرۆڤ ڕەخنەی زۆر توند بە زمانێکی جوان و باڵا بنوسێت.

ڕەگەزێکی تری وتار نوسین دیاری کردنی سەرچاوەکانە، لای کەمی سەرەکیەکانی، بەتایبەت ئەگەر هات و وتارەکە هەندێک ژمارە و زانیاری خواستراو و سود لێوەرگیراوی تیا بەکار هاتبوو. بۆ نمونە هاوڕێیەکم کە تازە دەستی کردوە بە نوسین، وتارێکی لە مانگی دیسەمبەرساڵی پاردا لە سایتی کوردستانپۆستدا، بڵاوکردەوە، لەوێدا بێ ئەوەی ئاماژە بۆ هیچ سەرچاوەیەک بکات نوسیبووی، کە لە شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی دا (٧٠٠٠٠) کەس کوژراون!! کە خوێندمەوە یەکسەر مەیلێکم بۆ کرد و نوسیم ((براکەم، بڕوا بکە ئەگەر سفرێکیشت خاتری هاوڕێیەتیی بێت (!) ، ئەوا هێشتا ئەو ژمارەیەی تۆ نوسیوتە زۆرە، چونکە هەرچەندە سەرچاوەیەکی ورد نی‌یە بەڵام بە بۆچونی من ژمارەی کوژراوەکانی شەڕی نەگریس و قێزەونی ناوخۆ لە (٤ تا ٥) هەزار کەس تێپەڕ ناکات)) .

من پێم باشە مرۆڤ زۆر بخوێنێتەوە و کەم بنوسێت، گرنگیش بە چۆنێتی بدات نەک چەندێتی، ئاساییشە کەسێک وتارێک دەنوسێت، پێش بڵاوکردنەوە، نیشانی کەسێکی زمانزانتر لە خۆی بدات. نوسین لێپرسراوێتی و ئیلتیزامە، ئەو وتارانەی ئەمڕۆ دەیانووسین، سبەی دەبنە مێژووی تایبەتی و ڕابردوو بۆمان، کەسانی تر بە نوسینەکانمان کەسێتی و پێشینە و هەڵوێست و بۆچونمان هەڵدەسەنگێنن.